Kurdistan Net
Digitally signed by Kurdistan Net
DN: CN = Kurdistan Net, C = NL, O = Omar Faris Aziz, OU = www.kurdistannet.org
Date: 2004.01.09 01:48:12 +01'00'

# شاردنەوی راستییەکانو شکاندنی "ئاوێنە"!!

کەژاڵ سالح

بەرنامەی "ئاوێنە" بەرنامەیەکی هونەرییەو هەر دووحەفتە جارێك لە تەلەویزیونی کوردسات بلاودەبێتەوە، ئەو بەرنامەیە هەر جارەی بۆ رێزنان لە هونەرمەندێکی گەلەکەمانەو چەند کەسێك کە دەنگیان خۆشە دەچن لەو بەرنامەیەدا بەرهەمەکانیان پێشکەش دەکەن.

شەوی سێشەممە٢٠٠٤/١/٦ بەرنامەکە تایبەت بوو بە ژنان. چەند ژنو کچی دەنگخۆش ئەو شەوە بەشدار بوون کە جێگای دڵخۆشی هەموو ئەو کەسانە بوو کە باوەڕیان بە بەرابەریی مافەکانی ژنو پیاو هەیە. هەر بۆیە منیش زۆر بە عەلاقەوە بۆی دانیشتمو چاوم لە بەرنامەکە دەکرد، بەڵام شتێکی کە جێگای نیگەرانیو سەرسووڕمان بوو ئەوە بوو کە نۆرە گەیشتە شیرین مەحموودزادە، کاك برایم پێشکەشکەری بەرنامەی "ئاوێنە" ناوبراوی بە جۆرێك ناساند کە لە شاری سەردەشتەوە و لەرێگایەکی دوورەوە تەشریفی هێناوەو زۆر بەخێرهاتنی کرد، تەنانەت مۆڵەتی بە شیرین نەدەدا کە بۆخۆی قسەکانی بکاو وەپێشی دەکەوت کە بەخێربێی لە شاری سەردەشتەوەو . . .

زۆر بەداخەوە شیرین خانمیش بۆی تەئید دەکرد کە بەڵێ لە شاری سەردەشتەوە هاتووەو هیچ رێگرێکیش نەبووە لەبەردەمی بۆ هاتن بۆ ئێرە. دیارە زۆر روونو ئاشکرایە کە لەلایەن بەڕێوەبەرانی ئەو بەرنامەیەوە ئیجازەی پێنەدراوە کە بڵێ لەکوێوە چوو. بەڵام نازانم شیرین بە چ بەهایەك درۆکانی پێشکەشکەری بەرنامەکەی تەئید دەکرد؟ بۆچی نەیدەگوت نەخێر لەشاری سەردەشتەوە نەهاتووم، بەڵکوو هەر لە کوردستانی عێراقم، کاك برایم لێی دەپرسی ئەوە یەکەم جارە کە گۆرانی دەڵێی؟ شیرین جوابی دەداوە دەیگوت نەخێر. بەڵام نەیدەگوت جارەکانی دیکە لەکوێ گۆرانی گوتوە.

قەیدی ناکا شیرین خان! لەبەر دڵی بەڕێوەبەرانی کوردسات مەڵێ لەناو حیزبی دیموکراتداو لە کۆڕە چووکەکەی هونەریی ئەم حیزبەدا فێربووم، هەر ئەوەندەت گوتبا کە نەخێر لە سەردەشت نەمگوتوە بەڵکوو لە کوردستانی عێراق گوتوومە یا لە شاری کۆیە گوتوومە.

دیارە شیرین خەڵکی سەردەشتە، بەڵام رەنگە سەردەشتی قەت نەدیبێ یا هەر لەبیری نەبێ چۆنیشە، لەبەر ئەوەی زۆر چووکە بووە کە لەگەڵ بنەماڵەکی وەدەر کەوتوەو ئاوارەی کوردستانی عێراق بوون. لەبەر ئەوەی بابی پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتە، شیرینیش هەر لە منداڵییەوە لە بۆنەو جێژنەکانی ئەم حیزبەدا لە کۆری سروودو گۆرانیدا بەشداری کردوە بەتایبەت لە مەراسمی ٨ی مارس رۆژی جیهانیی ژناندا کە یەکیەتیی ژنان پێکی هێناوە سروودو گۆرانی گوتووە. بەڵام بەداخەوە هیچ یەك لەوانەی باس نەکردیان باشتر بڵێم نەیانهێشت باسی بکا. دیسانیش دەڵێم بڕاستی نازانم شیرین بە چ بەهایەك هەموو ئەوانەی شاردەوە، بەڵام درۆی برایم ئەحمەد پێشکەشکەری بەرنامەکەی تەئید کرد.

بەڵام بۆ پێشکەشکەری بەرنامەی "ئاوێنە"! رەنگە زۆر کەس ئەوە نەزانێ کە شیرین لەکوێوە هاتوە بۆ ئەو بەرنامەیە؟ بەڵام زۆر کەسیش هەیە ئەوە دەزانێ کە شیرین لەکوێوە هاتوە، هیچ نەبێ دەزانن کە شیرین ئەگەر لە سەردەشتەوە هاتبێ، ئیجازەی نابێ ئاوا بە سەرو پرچی رووتەوە گۆرانی بڵێ. تەنانەت ئەوە یەکەم جاریش نیە کە ئەندامانی حیزبی دیمۆکرات دەچن لەو بەرنامەیەدا بەشداری دەکەن بەڵام برایم ئەحمەد قەت ئیشارەی پێنەکردوە. ئایا دەزانی درۆ کردن لە رێزو ئیعتباری بەرنامەکەت کەمدەکاتەوە؟ یان بۆ گرنگ نیە هەر دڵی دراوسێکەتان نەڕەنجێ بەسە ئیتر "ئاوێنە"کە دەشکێ بەدەرەك!! تا کەی ئیمتیاز دان بەو دراوسێیە!! ئەمڕۆ ئیدی نۆبەی ئێوەیە کە ئیمتیاز لە دراوسێکان!! بستێنن. هیوادارم کوردسات ببێتە ئاوێنەیەك کە هەموو گەلی کوردی ئێران، عێراق، تورکیەو سووریە خۆی تێدا ببیننەوە. بەڵام بەداخەوە تا ئاوا دڵی دوژمنانی کوردو کوردستانتان بۆ کرنگ بێ ئەو ئاوێنەیە هەر وا تار دەبی و هیچ کوردێکی بەشەکانی دیکە بە جوانی خۆیانی تێدا نابینن.